## وەزارەتـــی داد

**ژمارە : ٣ / ٢٦٦ لە ٢٠١٠/٢/١٠**

### بــەیــان ژمــارە ( ٤ )

پاڵپشت بەو دەسەلاتەی پێمان دراوە بەپێی ماددەی (٩/دووەم ) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣ ساڵی ٢٠٠٧ ) بریارماندا بەکردنەوەی ئەم بەرێوەبەرایەتی و هۆبانەی خوارەوە لە ئەنجومەنی شووڕای هەرێمی کوردستان .

١. بەرێوەبەرایەتی کارگێری .
٢. بەرێوەبەرایەتی خۆیەتی .
٣. بەرێوەبەرایەتی ژمێریاری .
٤. هۆبەی ووردبینی .
٥. هۆبەی ئامار .

**رؤوف رشيد**
**وەزیـــری داد**

---

## وەزارەتـــی داد

**ژمارە : ٣ / ٢٦٧ لە ٢٠١٠/٢/١٠**

### بــەیــان ژمــارە ( ٥ )

ئاماژە بەماددەی دووەم / برگەی دوو لەیاسای دادنوسی ژمارە ٢٧ ساڵی ١٩٧٧وە پاڵپشت بەو دەسەلاتەی پێمان دراوە بەپێی ماددەی نۆیەم / دووەم لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٢ی ساڵی ٢٠٠٧ ) بریارماندا بە :-

بەستانەوەی گشت فەرمانگەکانی دادنوسی پارێزگاکانی ( هەولێر و سلێمانی و دهۆك و قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری ) بەفەرمانگەی دادنوسی یەکەمی ناو پارێزگاکانیان لەرووی کارگێری و ژمێریاریەوە .

**رؤوف رشيد**
**وەزیـــری داد**